کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:10 17-9-2007

## دەسەڵاتی کوردی ترسنۆکە ... سەعدوڵڵا برایم خان

شتێك هەیە پێی دەڵین ترس و یەکێکی تریش هەیە پێی دەڵین جەبان.
دەمێکە دەمەوێت لەسەر ئەم دووچەمکە جیاوازە بنووسیم. هۆکاری نووسینەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم دوو چەمکە گرێدراوی ڕاستە وخۆی سیستەمی سیاسی ئێستامانەوەیە. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە دەبی رەسیدێکی باشی بدەینی. بەڵام من لەم نووسینەمدا زیاتر چڕی دەکەمەوە بۆ بواری سیاسی چونکە لەوێوە زیاتر ئامانجەکەی خۆی دەپێکی بۆ ئەوەی بتوانین بە سادەیی ئەم باسە بگەیەنین بە خوێنەر ڕوناچینە ناو لایەنە قووڵەکانی مەعریفە بەڵکوو بەشێوەیەکی زۆر سادە دەروازەیەك دەکەینەوە بۆ گەیاندنی ئەوتێروانینەمان.

### یەکەمیان:ترسی تیۆلۆژی

ترس لە تیۆلۆژیاوە تاکوو ئێستا ئامادەییەکی تەواوی هەیە واتە گرێدراوی بوونی ژیانە لەسەر زەوی. ئەگەر لە تیۆلۆژیاوە واتە لە ئایینیەوە تێیبروانین، ئەوە لەوێدا ترس وەزیفەیەکی ڕوحی وەردەگری. ترسە لەئاینددو ئەو عەقیدەیەی کە ئینسان باوەڕی پێیەتی کەدونیای ئەبەدیەو زیندوبوونەوەیە. ئەو ترسە ترسێکی مەشروعە چونکە سەروکاری لەگەڵ لایەنی ڕوحی وخۆپارێزیدا هەیە. ئەوکەسەی تووشی هەرەسی روحی دەبێتەوە وچۆك دادەدات لەبەردەم قەدەر. ئەمە دەکری بە لاوازی ئینسانەکە وێنا بکەین کە پنتەکانی لەسەر نادادپەروەریەوە بوونیاد نەنراوە بەڵکو ئینسانێکە نەیتوانیوە سنورە حەرامەکان تێبپەرینی ولە دەرونیخۆیدا بەسەر مەیلی حەزکردن بەدڵنیایی و ترسنۆکیدا زاڵ بێت. کە دەڵێم مەشروعە نە لەبەر ئەوە بە کارێکی نۆرمەلی بزانم بەڵکو لەبەرئەوەی شتێکی خودیە و پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە.

### دووەمیان:ترس لە نیشتیمان

ئەم ترسەش ترسێکە زۆر لە ترسی تیۆلۆژیا مە شروع ترە چونکە پەیوەندی ڕاستە وخۆی لەگەڵ ئەوانیدیکەوە هەیە. واتە بەرژەوەندیە باڵاکانی نیشتمانن. کە ئەمە ترسێکە ئەگەر نەبی حاڵەتێکی ئاسایی نیە نەك پێچەوانەکەی کە هەبێت. دەتوانیین پەرلەمانی کوردستان بکەین بە نموونە لەکاتێکدا وولاتی ئێمە لەژێر چەقۆی دەیان دوژمندایەو لەناوخۆی وولاتیش کەووتوونەتە کەولکردنی هاوولاتیان. کەچی ئەندامانی پەرلەمان نەبایان دیبی ونەباران. نامانەوی هێندە باسی پەرلەمان بکەین وکاتیان پی بەفیرۆ بدەین. وەك نموونە هینامانەوە لێرەدا ئەو ئەندام پەرلەمانەی لەرەوشی ئێستای کوردستان ڕۆژانە ژان نەیگری و بەدیار ئازارەکانی گەلەکەیەوە نەناڵێنێت ورەقیبیکی دەرونی ویژدانی نەبێت. ئەوە جەبانەو ئەندامێتیەکەی دەکەوێتەوە ژیر پرسیار، هەبوونی ئەم ترسە دەربڕی بەئاگایی بوون و بە پەرۆش بوونە بۆ چەمکی نیشتمان پەروەری چونکە پاراستنی نیشتمان وترس لێی دەبنە ئەو پنتە گرنگە کە نەوەکانمان دەتوانن لەسەر ئەو نمەتە وە هەنگاو بنێن.
ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین کە لەنێوانی شۆرشگێرو شەڕوان. کی نیشتمان پەروەرە. ئەوە دەتوانین بلێین شۆرشیگێر نیشتمان پەروەرە. کە دەلێم شۆرشگێر مە بەستم لەهەموو ئەوانە نیە کەلە شەری نیوان ئێراق وئێراندا لەترسی سەربازی لەگوندە کانی کوردستان فشەیان بەسەر خولکەوە دەکرد. بەڵکو مەبەستم لەو شۆرشگیرانەیە کە بەرژەوەندیەکانی خۆیان وەلاناو بەمەبەستی بەرگریکردن لەنیشتیمان خوێنیان بەتاشەبەردەکانی کوردستانەوە بە جێما و ئێستاش هێند ێکیان پەککەوتەن و لەناو ڕیزەکانی ئەم حزبانەدان و ئێستا ڕۆژانە خۆیان دەخۆنەوە و داماون لە نێوان ئەم مێژووە پر لەسەروەریەی خۆیان و فەرهودو قرکردنەی حزبەکەیان، ئێستا دەمەوێت بێمەوە سەر ناوەرۆکی بابەتەکەم کە دەڵێم شۆرشگێر نیشتمان پەروەرە، نەك شەڕکەر. مەستم ئەوەیە شەڕکەر دەکوژێت لەپێناو ئەوەی بکوژێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵام شۆرشگێر دەکوژێت لەپێناو ئەوەی ژیان بەرهەم بێنی. ژیانێك کە پایەگرنگەکانی لەسەر فەزیلەت بوونیات نرابێت. بەڵام شەڕکەر دەکوژێت بۆ ئەوی نەکوژرێت ئازایەتییێکی ترسنۆکە لەسەر حیسابی ئەوانیدی ژیانێکی (کۆییلەییی. دەستەمۆ. چوونەناو ئەویدی باڵا. خالی لەئێڕادە. کوشتنی وێژدان. سڕکردنی نەسەت) . دەستەبەردەکا، شەڕکەر کە دەکوژی وەك ڕاکردنی کۆییلە وایە لەقامچی. بەڵام شۆرشگێر لەبەرئەوەی توانیویەتی لەناو خودی خۆیدا بەسەر حەزکردن بە مەییلی ترسنۆکی ودوودڵیدا زاڵبێت، قاچەکانی بەزەویدا دەچەقینی و سیستمێك تێك دەشکینی و لەشوینیدا سیستمێکی تر بوونیاد دەنێت واتە شۆرشگێر سیفەتێکی تا ئاستێك مەعریفی هەیە. چونکە دابرانێك لەنێوان دوو سیستەم دروستدەکات. ئەو گۆرانانەش چونکە گرێدراوی ڕاستەوخۆی چەمکی نیشتمانە و سەروەری نیشتمانی پێوە بەندە، شۆرشگێر دەترسێت ئەم ترسە جوانترین و پڕ بەهاترین ترسە چونکە ترس نیە لە پێناو خود و بەرژەوەندیە خودیەکان. بەڵکو ترسە لەپیناو نیشتمان، ئەو واتە شورشگێر. هەرگیز ناپرسی نیشتمان چیم بۆ دەکات، بەڵکو ئەو هەردەم بە نیشتمان دەلی چیت بۆ بکەم، لێرەدا ترس وەزیفەیەکی تر وەردەگرێت ترس لێرەدا لەشوێنێکدا سەرچاوە دەگری کە بە، لەخۆ بوردوییی، خۆ بەخشی، فەلسەفەی قوربانیدان، هەڵهچێندراوە و ڕەگە قووڵەکانی بەئەوانید یکەوە گرێدراوە، ئەم وەزیفەیەی ترس وەزیفەیەکی هیومانی و سپی یە، تاوەکوو ئێرە باس کردن بوو لەترسێك لە نێوان مەشروع بوون ونا مەشرع بووندا، ئێستا ئێمە دەمانەوێت قسە لە جوبن بکەین واتە جەبان ترسنۆك ئەم ووشەیە لای دکتاتۆرەکان زۆر بەکار هاتووە بەڵام بەچ مەبەستیك؟ ئەگەر سەدامی دکتاتۆر بەنموونە بهێنینە وە ئەوە بەوکەسانەی دەگووت کە لە بەرژەوەندی رژێمەکەی ئەودا نەیاندەویست خۆیان بەکوشت بدەن. لەسەرەکەی تروە نەیاندەتوانی گشت تاوانەکان ئەنجام بدەن یان هەرهیچ نەبی کەمتەر خەمیان کردبێت ئەوە پێی دەگوتن جەبان و بەو تۆمەتەش دەیکوشتن، ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین ئاخۆ بەراست ئەوانە جەبان بوون کە سەدام کوشتنی، ئەگەر وەڵامەکە بەنەخێر بی ئەوە تووشی ئیشکالیاتی مەعریفی دەبینەوە، جەبان ئەو کەسەیە کە مافی خەلکانێکی تر لەرێگای ئەنگێزە فکریەکانیەوە دەکاتە کارێکی مەشروع و ڕەواییی بەزەوتکردنی مافی ئەوانیدیەوە دەدات ودەسبەرداری ئەو دەسەڵاتە نابێت کەلەڕێگای کوشتن و بڕینەوە بەدەستی هێناوە، واتە مافی ئەو نیە شەرلەسەر مافی خەلکانێکی ترەوە دەکات وجورئەتی ئەوی نیە دەسەڵاتە کە بداتەوە بۆ کەسانی ترو ئەو کەسانەی کەلەو زیاتر مووستە هەقن، ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین کەبۆچی دکتاتۆر دەسبەرداری دەسەڵاتەکەی نابێت. ئەمەشیان دوو دیوی هەیە. یەکەمیان وەك ووتمان ئەو جورئەتەی نیە کە هەقی ئەوانیدی بداتەوە و دەسبەرداری ئەو ڕەفاهیەتە نابێت وناتوانێت وەك خەڵکانی تر بە سادەییی بژیت ومواکەبەی هاوڵاتیان بکات. دووەمیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو تەنها لەرێگای هێزەوە دەتوانێت خۆی بپاریزێت، ئەوە بە قسەی عوسمان بانی مارانی سەرۆکی فڕاکسیۆنی سەوز و ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتماتی کوردستان بێت. کە لە هەفتەنامەی مید یادا لەدیدارێکدا ووتی "ئەگەر دەسەڵاتی کوردی هێزو چەکێکی باشی نەبێت ئەوە خەڵکی کوردستان پەلاماری دام ودەزگاکانی دەدەن " ئەوە لێرەدا دەسەڵا تی کوردی دەکەویتە ژێر پرسیار ئەگەر قسەکەی سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز پەسند بکەین وپیمان وابی دەسەڵاتی کوردی تە نها بەهێز لە بەرامبەر هاونیشتمانبانی خۆی دەتوانی جلەوی دەسەڵات بگریتە دەست. دەبی بگەینە ئەو ئەنجامەی کە گەلی کورد لەدەسەڵات ڕازی نیە ودەسەڵاتیش نایەوێت بچێتە ژێر باری ئەم داخوازیەی هاووڵاتیان ئەمە ش دەربری دڵنیا نە بوونە لەئەدای دەسەڵاتی ڕابردوی خۆی واتە لە ترسەوە دەسبەرداری دەسەڵاتەکەی نابێت، ئەوەمان وەك نموونە هێنایەوە و لەسەر قسەی خۆشیان ئەگینا من مەبەستم نیە لەم نووسینەمدا باس لە لایە نێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دیاریکراو بکەم، بۆ ئەوەی لەباسەکەم لا نەدەم دێمەوە سەر ناوەڕۆکی نووسینەکەمان، جەبان هیچ ڕەوایەتێك هەڵناگری و ناتوانین لە هیچ شوێنێکی مەعریفی جێگای بکەینەوە، بەڵام ترس پەیوەندیەکی ڕاستە و خۆی بەگومانەوە هەیە گومانیش پایەیەکی گرنگی فەلسەفە یە کە قەلەق وگومان زۆرترین تارماییمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە پێویستە ترسێکی زۆرمان لەبەرامبەریاندا هەبێت لەپێناو گەیشتن بەئامانجە باڵاکان بۆ نموونە لەوکاتەی کوردستان دەکەوێتە مەترسیەوە پێویستە سەرۆکی هەریم غەرقی ترس ببێت، یاخود کە نەخۆشی کۆلێرە ڕوو لە وولات دەکات نەنگیە بۆ وەزیری تەندورستی لەحاڵەتێکی ئاساییی ژیان بەسەر بەرێت، ئەم ترسانە ترسی جوان و کەسەکان لەناویدا دەدرەوشێنەوە، بەڵام کی نە ئەوانەی دەترسێن و جەبان نین ئەوانەی لەناو ئەشکەوتەکەی کۆماری ئەفلاتوندان، یاخود ئەوانەی کەلە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدان؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.